www.kurdistannet.org
14/07/2003 21:29

بۆ ئەو ئازیزانەی، هەفتەیەک پێکەوە بووین، هەفتەیەک پێکەنین، کەچی کاتێک لاپەڕەی یادی ڕۆژانی ئەو هەفتەیە نیگادەکەم، تێر تێر دەگریم.

# ئەوان

بەکر ئەحمەد

"ئەوان گەورە بوون وەخەڵکی ئەمرۆ بوون" *
هەمیشە لە خۆرهەڵاتەوە دەردەکەوتن
بەرە و خۆرهەڵاتیش دەچوون.
ئەوان وەك تیشك، پڕ بوون لە ڕەنگ.
وەك ڕووبار لەسەر سەفەر بوون، لەگەڵ بارانا تەڕدەبوون.
ئەوان پێکەوە دەگەڕان
بەیەکەوە نانیان دەخوارد
لە ئاسمان و ئەستێرەکان، بە تەنیا ووردەبوونەوە.
شەوان بە تەنیا دەخەوتن،
خەونێکیش چاوی گشتیانی، بەیەکەوە دەبەستەوە.
ئەوان وەکو شووشە وابوون،
هەم تیشکیان پیا تێدەپەڕی و
هەم تیشکیشیان دەدایەوە.
ئێواران، لای باخەوانەکەی باخی گشتی لایان دەدا
باسی ئەو چۆلەکانەیان دەکرد کە باخچە دەبێتە شاریان
ئەو باخەوانانەی کە شار دەبێ بە جەنگەڵیان.
لەگەڵ کرێچییەکانی شاردا، بۆ ماڵی بێ کرێ دەگەڕان.
لەگەڵ کچانیشدا بۆ زمانێك، تیایدا وشەی:"خۆشم دەوێ"
بە ئاسانی دێتە سەر زار.
منالانیش هەمیشە بە قەڵاندۆشکانیانەوە بوون.
ئەوان لە بێکاری چاکتر
چیرۆکی شەقامی ساڵ و
پیاسەی پۆلەقاچی ڕۆژیان دەخوێندەوە.
هەستێکی زۆر سەیریان هەبوو
دەیانزانی: ئەو کاتانەی ترپەی دڵی عەرەبانەکان
خەریکە قەفەسەی سنگیان کون کوندەکا
ئەوە شەرە بەرێوەیە و
هاکا گەیشتە بەردەم دەرگا.
ئەوان هێندە ئاشقی چاوی خۆرەتاو بوون
کە تاریکی بۆ ساتێکیش لەگەڵیانا دانەدەنیشت.
کەچی کونج بە کونج بەدوایەوە بوون.

www.kurdistannet.org
14/07/2003 21:29

ناو مزگەوت و
ژێر جامانە
بەناو ڕستەی ئەو دێڕانەدا دەگەڕان
کە تیایدا وشە کوژراوە و بکەر وونە.
ئاخر بۆیەش
هەمیشە لە خۆرهەلاتەوە دەردەکەوتن و
بەرە و خۆرهەلاتیش دەچوون.
کەچی ڕۆژێك
بەبەرچاوی هەتاوەوە، لە تاریکیدا وونکران.
بە تاریکی شاردرانەوە.
بەلاّ کاتێك ئەوان هاتن، کە بەم گوزەرەدا ڕەتبوون،
هەر بەتەنها خۆیان نەبوون،
ئاخر ئەوان، تەنیا نەبوون.

* ئەو گەورە بوو وە خەڵکی ئەمڕۆ بوو، دێرێکی سهراب سپهری یە

کوردستان نێت www.kurdistannet.org